پۆلیس دەستگیرکردنی ئەو کەسەی ڕاگەیاند کە باوکی خۆی لە شاری سلێمانی کوشتبوو

لەسەر دۆسیەی کوشتنی کەسێک لە سلێمانی تۆمەتبارێک دەستگیرکرا.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕۆژی شەممە ڕایگەیاندووە، لەلایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن - بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی کەسێک دەستگیرکرا کە تۆمەتبارە بە کوشتنی باوکی.

دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو هەواڵی کوشتنی کەسێک بڵاوبوویەوە، پۆلیسی سلێمانی دەستبەجێ مەفرەزەکانی پۆلیسی سلێمانی گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو کەشف و هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداوەکە کرا و زانیارییە سەرەتاییەکان دەریانخست کە باوکەکدک لەلایەن کوڕەکەیەوە کوژراوەو تۆمەتبار هەڵاتووە.

پۆلیسی سلێمانی ڕاشیگەیاندووە، هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانیان بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەستیپێکرد و دوای وەرگرتنی بڕیاری دادوەر توانرا هەمان شەو لەلایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن - بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سلێمانی تۆمەتبار بدۆزرێتەوەو دەستگیربکرێت و دەستیش بگیرێت بەسەر ئەو چەکەدا کە تاوانەکەی پێ ئەنجام درابوو.

لە ئێستادا تۆمەتبار (م، م، ع لەدایکبووی 2002) بەبڕیاری دادوەرو بەپێی ماددەی 406 لە یاسای

سزادانی عیراقی □اگیراو□.